KURDISTAN NET کوردستان نێت

# هەر لەبارەی پشتاشانەوە!!

خوێندنەوەی کتێبی ( پشتاشان لە نێوان ئازار و بێدەنگیدا)،کە قادر ڕەشید نووسەرەکەیەتی ،گەلێك شتی وەبیر هێنامەوەو،ئازاری هەڵە قەبەکانی لە یادمدا زیندووکردەوەو، زامەکانی کولاندمەوە.

پێموایە هێشتا گەلێك رووداوی نەزانراو، راستی وهێنییە شاراوەکان وەك پێویست ئاشکرا نەکراون و، زۆرکەمییان لەسەر گوتراوەو نووسراوە، جا ئەمە چ سەبارەت بەکارەساتی پشتاشان بێت، یان بەسەرجەم پرۆسەی خەباتی ئەو سەردەمە.

من کورتەی سەرنج وتێبینییەکانی خۆم لەبارەی کتێبی ناو براوەوە لە دووخاڵدا کۆ دەکەمەوە.

یەکەم: یەکێك لە هۆکارە گەورەکانی شەڕی پشتاشان کە ئێوە باستان نەکردووە، مامەڵەکردنی بەهەڵەی حزبی شیوعی بوو لە پرسی دۆستایەتی و دوژمنایەتیدا، شەڕ و ئاشتیدا، بەتایبەتتر بڵێم لەگەڵ مەسەلەی پێکهێنانی (بەرە)دا.

ئێمە دروشمی پێکهێنانی (بەرە) مان لەگەڵ هەموو لایەنەکاندا بەرز کردبۆوە، گومانیش نییە کە ئامانجی بەرە یەکێتی و تەبایی نێوان هێزە سیاسییەکان بوو، دژ بە حکومەتی بەعس. کەچی ئەنجامی کارەکانمان وا دەرنەچوو، لە بری ئاشتی، شەڕ، لە بری تەبایی، دووبەرەکی هاتە کایەوە.

دووای ئەوەی بەرەی ( جوقەد) راگەیەنرا، حزبی ئێمە لەلایەکی ترەوە سەرقاڵی ئەوە بوو بەرەیەکی تر بەناوی ( جود ) پێکبهێنێ. بۆ ئەم مەبەستە حزب لێکدا لێکدا کۆبوونەوەی بە هاوڕێیان ئەنجام دەدا، یەکێك لەو کۆبوونەوانە بە بەشداری 18 کادیری حزبی بەڕێوە چوو، منیش یەکێك بووم لەبەشدار بووان، کە بەسەر پەرشتی هاوڕێ عومەر عەلی شێخ ( ئەبو فاروق) لە نۆکان بەڕێوە چوو. دووای قسەکانی ئەبو فاروق نۆرە هاتە سەر تێبینی هاوڕێیان، من یەکێك لەو هاوڕێیانە بووم کە ئاوا قسەم کرد: ئەم بەرەیە دەبێتە هۆی ئەوەی لایەنێکی گەورەی بەرهەڵستکار بە گژ خۆماندا بکەین، ئەویش یەکێتی نیشتیمانییە، رەنگە ئەم بەرەیە لە ئاکامدا ببێتە هۆی فشار بۆ سەر یەکێتی نیشتیمانی و خۆی بهاوێتە باوەشی ڕژێم، کە هەر واش دەرچوو.

ئەمەش ڕا و بچوونی زۆربەی هاوڕێیانی بەشدار بوو، بوو، کەچی لەوەڵامی ئەو سەرنج و تێبینیانەدا هاوڕێ عومەر بە توڕەییەوە وتی: جا هاوڕێیان لە کاتێکدا حزب کارێك بە باش بزانێ،

مەرج نییە بە ڕەخنەو بۆ چوونی ئێوە وازی لێ بهێنین، ئێمەش گوتمان کە بڕیارتان داوە، پرسی ئێمەو کۆبوونەوەی بۆ چییە ؟

لەوەش خراپتر، دووای پێکهێنانی ڕاگەیاندنی بەرە، حزبی شیوعی بریاری دابوو بارەگای سەرکردایەتی ( جود) لە ناوزەنگ بێت.کە لەهەمان کاتدا سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانیش هەر لە ناوزەنگ بوو، بۆ ئەم کارەش ڕاوبۆچوونی خۆمم راگەیاند وبە کارێکی نابەجێم زانی. بەڵام گوێیان بە ڕای من نەداو ئەوە بوو کۆبوونەوەی سەرکردایەتی بەرە لەیەکێك لە بارەگاکانی حزبی شیوعی لە زەڵێ کرا.

یەکێتیش بەرە بەرە لە ڕێگای ڕادیۆیەکەیانەوەکەوتنە هێرش کردنە سەرمان وگۆڕەپانیان بۆ شەڕ خۆش دەکرد.

بەر لەوەی هێرشی یەکێتی بۆ سەر پشتاشان دەست پێ بکات، من لە ناوچەی ڕەزگە بووم .لە پشتاشانەوە بە بروسکە داوا کرام، لە کاتی دیاریکراودا لە بارەگای هەرێم ئامادە بووم، ئەوەی لە یادم مابێ هاوڕێیان کەریم ئەحمەد، فاتیح ڕەسوڵ و مام قادر ئامادە بوون. دووای قسە کردنێکی زۆر هاوڕێ کەریم وتی: هەل و مەرجێکی زۆر نالەبار لە ئارادایەو یەکێتی شەڕمان پێدەفرۆشێ، ڕات چییە چی بکەین ؟

وتم هاوڕێیان تکاتان لێ دەکەم، با لەژێر کاریگەری ئەملاو ئەولا خۆمان تێکەڵاوی شەڕ نەکەین و، شەڕ لەبەرژەوەندیماندا نییە، ئێمە وەزعمان زۆر باشە، جەماوەری باشمان هەیەو خەڵك خۆشی دەوێین، ئەگەر شەڕ بقەومێ ئەم جەماوەرەمان نامێنێ و ئەم خۆشەویستییەش لەدەست دەدەین.

هەروەها پێشنیازم کرد کە حزب نامەیەك بۆ مام جەلال بنوسێ وداوای دانیشتنی لەگەڵدا بکەن و،پێکەوە هەوڵی هێور کردنەوەی ڕەوشەکە بدەن. پاشان گوتم گەر ئەمە ناکەن و پێتان وایە کە شەڕ هەر یەخەمان دەگرێت،ئەوا دەبێت خۆمان بۆ شەڕ ئامادە بکەین. داخەکەم دەرکەوت نە بۆ ئاشتی و نە بۆ شەڕ بە پێی پێویست نەبووین.

لە هەڵسەنگاندن و بیر هێنانەنەوەی ڕووداوی بەدیل گیرانی خۆت و هاوڕێیان کەریم ئەحمەد و ئەحمەد بانیخێڵانی ، پێموایە زیاد لە پێویست خۆت لە خەتاو هەڵەکان دەپارێزی و، هاوڕێ عومەرعەلی شێخیش دەدەیتە بەر ڕێژنەی ڕەخنە، لە ڕاستیدا ئەم بەراورد کردن و هەڵسەنگاندنە نادروستە.ئەم شەڕە خوێناوییە، ئەم هەموو شەهید و بریندارە، ئەو زیانە قەبەیەی بەر حزب کەوت هیچ لەگەڵ مۆرکردنی ئەو بەیاننامەیەدا نایەتەوە، کە لەکاتێکدا ئێوە دیل بوون لای

یەکێتی ومۆرتان کرد، ئەمە کارێك بوو هیچ پاساوی هەڵنەدەگرت، هەر ئەمەش بووە هۆی ناڕەزایی دەربڕین لەناو هاوڕێیاندا ، بەتایبەتی بەرانبەر تۆ،هاوڕێ عومەر نەبوو بەڵکوبەپێچەوانەوە خودی هەڵوێست و ڕووداوەکان بوون، هاوڕێیان بوونە هۆی ئەوەی هاوڕێ عومەر ئەو هەڵوێستە توندەی هەبێت،کە من خۆشم یەکێك بووم لەو هاوڕێیانە.

لەلاپەڕە 93 دا نووسیوتە: حزب بڕیاری دابوو کە ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن و یاسا دانان بمێننەوەو دەوامی خۆیان بکەن.

دیارە ئێوە ئاگاداری ئەوە نین کە لەلایەن هاوڕێ ( ئەبو حکمەت) ەوە کە بەرپرسی هاوڕێیانی ئەنجوومەن بوو، من و هاوڕێ برایمی حاجی مەحموود، ئاگادار کراین کە دەبێت بچین بۆ بەغدا، بۆ ئەوەی هەواڵی ئەوە بێنینەوە کە ئایا ئەو یاداشتەی دراوە بە ڕژێم ئەنجامی چییە ؟وەکاری ئێمە چییە؟.کاتێك کە چووینە بارەگا، ئەو بارەگایەی کە جاران جمەی دەهات تاك و تەرا نەبێت کەسمان نەبینی، لە ژوورێکی بچووکدا هەر بەسەر پێوە ئەندامی مەکتەبی سیاسی(عەبدولڕەزاق ساڤی) مان بینی ، پێش هەموو شتێك ڕووی لە هاوڕێ برایم کرد و وتی: تۆ دەبوو ئێستا لە شاخ بیت و هاوڕێیان بۆ چەك هەڵگرتن کۆ بکەیتەوە نەوەك بێی بۆ ئێرە. هەروەها وتی ڕای حزب وایە ئەو یاداشتەی کە دراوە بە ڕژێم ، هیچی لێ جێبەجێ ناکات.

هەربۆیە لەکاتی گەڕانەوەماندا من و هاوڕێ برایم پێکهاتین کەئەو ڕۆژی 979/2/20 بێت بۆ قەڵادزێ، وە تا ئەو کاتە،منیش ڕێگاو بانم مەیسەر کردبێت، بۆ ئەوەی بگەینە لای ئەو چەند هاوڕێیەی کە پێش ئێمە لە شاخ بوون بۆ پێشمەرگایەتی .ئەوەبوو هاوڕێ برایم لەکاتی خۆیدا نەهات و من ڕۆیشتم.دوواتر دەرکەوت کە هاوڕێ برایم بەردەوام بووە لەسەر چوونی بۆ ئەنجوومەن تا کاك حەمەدەمین پێنجوینی پێش کۆبونەوەی ئەنجوومەن ئاگاداری دەکات کە فریای خۆی بکەوێت، چونکە بڕیاری گرتنی هەیە، ئیتر بەپەلە پروزە لە دەرگای پشتەوەی ئەو شوێنەی کۆبوونەوەکەی لێدەکرێت خۆی دەرباز دەکاو دێتە دەرەوە .

لەلاپەرە 99دا بە داخ و کەسەرەوە باس لە گێڕانەوەی ئەو چەکانە دەکەیت کەلای حزب بوون بۆ رژێم، لە ژێر ناوی ( چەك بردنەوە)دا. باش ئاگادارم و لە بیرمە لەوکاتەدا کە هێرش و پەلاماری ڕژێم بۆ سەرمان گەیشتبووە لوتکە، گوایا قادر ڕەشید (نووسەر) چونکە ئەندامی ئەنجوومەنی یاسا دانانە، پشکنینی لەسەر نییە بابچێت بۆ بەغداو چەند پارچە چەکێك فریای ئەو هاوڕێیانە بکات کە لە شاخن و بێ چەکن، جا کاتێك تۆ بەگەرمی بەرەو بەغدا ڕۆیشتی و بە

ساردی گەڕایەوە ، باستان کرد کە چۆن عەبدوڕەزاق سافی بە تورەییەوە وەڵامی داویەوەو وتویەتی: ئەو چەکانەمان لە کۆشکی کۆماری وەرگرتووە و دەبێ بۆ ڕژێمیان بگێڕینەوە.
جا سەیرەکە لێرەدایە، لە کاتێکدا سەرزەنشتی برایمی حاجی مەحموودی دەکرد کە بۆچی تا ئێستا نەچۆتە دەرەوە چەك هەڵبگرێت، کەچی خۆشی بەدەستی خۆی چەك بۆ ڕژێم دەباتەوە.
هەروەك باستان کردووەتەنیا مەحمودی حاجی فەقێ خدر (من ) و خۆت ( نووسەر ) چەکەکانیان نەدایەوە بە ڕژێم. من پیش ئەوەی خۆشم بچمە دەرەوە تفەنگەکەم، بەهاوڕێ سەلیمە سووردا نارد بۆ هاوڕێیانی شاخ، پاشان دەمانچەکەشم لەگەڵ خۆمدا برد، بەڵام سەروەختێك لە ئێران بووین، لەبەر دەست کورتییان و، لەترسی ئەوەی نەوەکا ئیتلاعاتی ئێرانی لێمبگرن، دەمانچەکەم فرۆشت و پارەکەیم بۆ منداڵەکان سەرف کرد.بەڵام کاتێك حزب بڕیاریدا لەگەڵ دەیان خێزانی تردا بمان نێرن بۆ سۆڤیەتی جاران، پارەی دەمانچەکەیان پێ بژاردم،چونە ئەو کاتە هەر خێزانێك 30 هەزار تمەنیان بۆ پێویستی ڕێگا بۆ سەرف دەکردن، باشە ئەگەر ئەو چەکانە هی حزب بوون، ئەی ئەوانەی بە دەستی خۆیان چەکانیان بۆ ڕژێم بردەوە بۆ حزب هیچ بڕیارێکی لەبارەوە وەرنەگرتن، ئەگەر هی حزب نەبوون بۆ بە منیان بژارد؟؟.
دووەم: شەڕی پشتاشان تاوانێکی گەورەی یەکێتی نیشتیمانی بوو بە سەرکردایەتی نەوشیروان مستەفا بۆ سەر بنکەو بارەگاکانی حیزبی شیوعی،ئەم تاوان و شەڕ پێفرۆشتنە لە کاتێکدا هات کە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان لە قۆناغێکی باشی پێشکەوتنیدا بوو،هەموو هێزو لایەنە کوردستانییەکان جەماوەرێکی باشیان لەدەور گرد ببۆوە.
خودی شەڕەکە بە دوور لەئاگادری و ڕێنمایی حکومەتی عێراقی بەڕێوە نەچووە، چەند مانگ بەر لەو شەڕە من و هاوڕێ قادر ڕەشید لە هەورازی لای شێنێ تووشی چەند کەسێکی عەرەب بووین کە بەفەلەستینی خۆیان پێ ناساندین و، مەفرەزەیەکی یەکێتیان لەگەڵدا بوو،بەرەو عێراق دەگەڕانەوە، لە لەهجەی قسە کردنیاندا دیاربوو کەئەوانە عەرەبی عێراقی بوون و، لای سەرکردایەتی یەکێتی نیشتیمانی دەگەڕانەوە، کە ئەوکاتە سەرکردایەتییان لە ناو زەنگ بوو.لەسەروبەندی شەڕەکەدا چەند نامەیەکمان لە دۆستان و ڕێکخستنەکانی ناو شارە بۆ هات کەوا چەکدارەکانی یەکێتی  بێ ئەوەی هیچ گرفتییان لەلایەن حکومەتەوە بۆ دروست بێ لە قەیاغی دەربەندی ڕانیە  پەڕیونەتەوە.پێشی ئەم شەڕەو لەمیانی دانیشتنەکانماندا لەگەڵ یەکێتیدا

نەیان دەشاردەوەکە خۆیان بە حاکمی کوردستان دەزانن و،نەیاندەویست هیچ لایەنێکی تر بەبێ ئاگایی ئەوان و بێ فەرمان وەرگرتن لەوان بە هیچ کارێك هەستن.
هەر پەیوەست بەشەڕی پشتاشانەوە، هاوڕێ ئەحمەد دلزاری شاعیر لە بیرەوەرییەکانیدا بەناوی پاشەکشە لە پشتاشاندا باسی کردووە و، وەفای سەگێکی مەقەر باس دەکات، کە چۆن دووای هاوڕێیان کەوتووەو، لەبەردەمی ئەو ئەشکەوتەش کە هاوڕێیانی لێبووە،چۆن کلکە سووتەی کردووە، دیارە بەمەبەستێ وەفا بوون. ئا لەو کاتەدا کە کاك دڵزار باسی وەفای سەگەکەمان بۆ دەکات، بەڵام خۆی بەیەك وشەش باسی ئەو تاوانە گەورەیەی یەکێتی ناکات کە بەرانبەر بە حزبی شیوعی کردی، لەکاتێکدا باس لە وەفای سەگێك دەکات بەڵام ئەی وەفای ئێمە بۆ شەهید کردنی 68 هاوڕێ چییە؟ لە ئاهەنگێکدا ئەحمەد بانیخێلانی هەڵەیەکی بچیووکی کردوە بەسەریدا بازی نەداوە،بەڵام تاوانی شەڕی پشتاشان ، تاوانی یەکێتی بەرانبەر حزبی شیوعی بۆ مێژوو نووسان بەجێدێڵێت، فەرەنسا بە نموونە دێنێتەوە کە چۆن دووای 180 ساڵ مێژوویان نووسیوەتەوە، ئاواش باسکردنی ئەو تاوانەی بۆ مێژوو نووسان جێهێشتووە.لەکاتێکدا کتێبەکەی قادر ڕەشید لەگەڵ بیرەوەرییەکانی دڵزاردا بەراورد دەکەم، دەستخۆشی لە کاك قادر ڕەشید دەکەم، کە راستییەکانی نەشاردۆتەوەو، بوێرانە باسی لێوە کردوون و، وەفای خۆشی بۆ شەهیدان بەجێهێناوە.لەکاتێ خۆیدا لەبارەی بیرەوەرییەکانییەوە نامەیەکم بۆ کاك دڵزار نوسیووە بەڵام بێ وەڵام بووە.
نووسەر( قادر ڕەشید) لە کتێبەکەیدا زۆر جاران ناوی عومەر عەلی شێخ ( ئەبو فاروق )دەهێنێ،بەڵام هیچ جاریك باسی لایەنێکی چاکەی ئەم هاوڕێیەی نەکردووە تەنیا هەولیداوە لایەنە خراپەکانی بخاتە بەر باس، لەکاتێکدا پێویست وابوو هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە و بە ویژدانانەی لەسەر کردبایە، دەبوو نووسەر خەبات و تێکۆشانی هاوڕێ عومەری باس بکردایە کە لە کادیرە کۆنەکانی حزبی شیوعییەو،لە چلەکانەوە کە کۆلێژی ئەندازیاری تەواو کردوە ژیانی خۆی تەرخان کردوە بۆ خەبات کردن و تێکۆشان لەڕیزەکانی حیزبی شیوعیدا.نووسەر لە باسکردنی هاوڕێ عەزیز محەمەدیشدا بابەتییانە نییەو،نەیتوانیوە هەڵسەنگاندنێکی بابەتییانە ئەنجام بدات.باشتر وابوو نوسەر لەم بوارەدا ڕابردووی ئەم هاوڕێیانەی هێنابایەوە بەر چاوی خۆی، کە هەموو تەمەنی خۆیان لە پێناو بەرزڕاگرتنی دروشمەکانی حزبدا سەرفکرد و لەم پێناوەشدا ڕابردوویەکی پڕ سەروەرییان بۆخۆیان تۆمار کردووە، کە ئەم ڕابردووەیان دوورە لە پاراستنی

بەرژەوەندی شەخسییان، هەر بۆیەش ئێستا ئەم هاوڕێیانە ژیانێکی زۆر هاکەزاییانە دەژین، لە چاو ئەو هەموو فەنتازی ویاری کردنەی بەرپرسەکانی ئێستا کە بەپارە و، شتە مادییەکانی ژیانی دەکەن.لەسەر هاوڕێ عەزیز محەمەد هەر ئەوەندە بیر نووسەر دەهێنمەوە کەتەنیا پاداشتی هەردوو خەلآتی لینین و دیمترۆڤ کە پێی بەخشرا بە سەدان هەزار دۆلار بووە بەلآم ئەم پارەیە هەمووی بۆ بەرژەوەندی حزب خەرجکرا.

نووسەر لە لاپەڕە 90 -91 باسی چوونمان بۆ لای حەسۆ میرخان ژاژۆکی دەکات، کە هێزێکی زۆری بەو نیازە هێنابوو کە بارەگای سەرکردایەتی یەکێتی بگرێت یان لەو ناوچەیە دەریان پەڕێنێت، ئەوەی پەیوەستە بەم باتەوە وەکو نووسەر دەڵێت من لەسەر داخوازی ئەو نەچووم، بگرە حەسۆ میرخان لە بروسکەکەیدا دەڵێت بەمەرجێك پێشوازی لە شاندەکە دەکەم ئەگەر مەحمودی حاجی فەقێ خدریان لەگەڵدا بێت.

لە باسکردنی زەکی خێریدا،دووای ئەوەی لە کۆنگرەی چواردا وتی مادەم وڵاتەکەمان لەژێر هەڕەشەی ئێراندایە بۆیە وا پێویست دەبێت ئێمە شەڕی خۆمان لەگەڵ حکومەتدا رابگرین، کە خۆشی بۆ کۆنگرە کاندید کرد وتی من مێشکم بەتەواوی کاردەکات و دەتوانم هەموو کارێك بکەم. بەلآم دوواتر کە ئەنجامی دەنگدان دەرکەوت کەس دەنگی پێ نەداوە.

لە کۆنگرەی چواردا هاوڕێ عەزیز وتی:10 کەسمان هەیە بۆ کۆمیتەی ناوەندی بۆ کاری نهێنی بێ ئەوەی ناوەکان ئاشکرا بکرێن، هەموو هاوڕێیان لەسەر داوای عەزیز محەمەد دەنگیان پێدان، لە کاتێکدا ئێمە ناوەکانمان نەدەزانی بەلآم هەر دووای کۆنگرە ناوەکان لای حکومەت هەبوون. جیا لەوەش ڕۆژگار دەریخست کە ئەو کەسانە بێ توانا بوون.

لە کۆتاییدا هیوادارم منیش لای خۆمەوە شتێکی ترم نابێتە سەر کتێبەکەی کاك قادر ڕەشید.

مەحمود عەباس قەلآدزەیی